شەڕی چین – ڕووسیا لەسەر دڵی جیهان: کێ ئاسیای ناوەڕاست کۆنترۆڵ دەکات؟



کازاخستان، تورکمانستان، تاجیکستان، ئۆزبەکستان، قرغیزستان و ئەفغانستان لە پۆلێنی دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاستدان

لە عەرەبییەوە: ئایدیا دیپلۆماتیک

لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2014دا، باراك ئۆباما سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاتێك ئامادەی کۆبوونەوەی لووتکەی «ئاسیا و ئۆقیانووسی ئارام» بوو لە پەکین، دوو ڕۆژ لە پێش کۆبوونەوەکە ئۆباما لە پرێس کۆنفرانسێکدا وتی: «پەیامی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە چین بە سەرکەوتوویی ببینێت، بەڵام پێویستەکات لەسەر پەکین تا ببێتە شەریك لە زامنکردن و پاڵپشتیکردنی ئەو سیستمە جیهانییەی هەیە، نەك هەوڵبدات بۆ لەباربردنی»، پێدەچێت ڤلادیمێر پۆتین سەرۆکی ڕووسیا لەگەڵ بۆچوونی هاوتا ئەمەریکییەکەیدا کۆك بێت، سەبارەت بە بەرقەرارکردنی دۆستایەتییەکی بەهێز و هاوپشکیکردن لە چەند کارێکی زۆر قەبە و زەبەلاح، لە نێوان مۆسکۆ و پەکین، دووریش نییە ئەوە بگۆڕێت بۆ گرژی و کێبڕکێیەکی ڕووبەرفراوان و پەیوەندییەکی دیپلۆماسی ناهاوسەنگ لە ئایندەدا، بەتایبەتی دوای ئەوەی دەستێوەردانی چین لە کاروباری ئاسیای ناوەڕاستدا زیادیکردووە، لە کاتێکدا ئەو ناوچەیە یەکێکە لەو شوێنانەی بەلای ڕووسیاوە گرنگ و جێی ئومێدە، هەرچەندە کێشەی هەوڵ و تەقەللاکانی چین بۆ پاوانکردنی ئەو ناوچەیەی کە لە مێژوودا لە ئامێزی ڕووسیادا بووە لە هەڵکشاندایە.

بۆچی ئاسیای ناوەڕاست؟

کەواتە ئێمە ناوچەیەکمان هەیە شوێنی چاوتێبڕینی پێنج دەوڵەتی پێکهێنەری ئاسیای ناوەڕاستە و بۆ یەکێتیی سۆڤێتی جاران لەپێش هەڵوەشان و ڕووخانی کۆڵانی پشتەوە بوون، ئەوانیش بریتین لە: کازاخستان، تورکمانستان، تاجیکستان، ئۆزبەکستان و قرغیزستان، ئێستا دەوڵەتی شەشەمیش لەناو پۆلێنکراوەکاندایە ئەویش ئەفغانستانە، هەموشیان پێکەوە قەڕنی جوگرافیی ئاسیای ناوەڕاست پێکدەهێنن. ئەو ناوچەیە تا ئێستا بە یەکێك لەو ناوچانەی جیهان دادەنرێت، کە کەمترین چڕیی دانیشتووانی هەیە، هەروەك ڕۆژنامەنووسی ئابووریی بەریتانی (جێمس ماکیچ) کۆی ڕێژەی دانیشتووانی هەرپێنج دەوڵەتی ئاسیای ناوەڕاستی بە یەکسان لەگەڵ کۆی دانیشتووانی بەریتانیا مەزەندەکردووە، کە دەگاتە زیاتر لە (66) ملیۆن کەس، بەڵام دانیشتووانی دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست لەسەر ڕووبەری زەوییەکی زۆر فراوان دەژین، کە (17) ئەوەندەی ڕووبەری بەریتانیا دەبێت، یان بە واتایەکی تر هەموو میلێك چوارگۆشە لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست تەنیا (5) کەس لەسەری دەژین.

زنجیرە چیای (ئالای) لە کۆماری قرغیزستان

ڕووبەرێکی گەورە و بەرفراوانە، لەپاڵ ئەوەی کە یەکێتیی سۆڤێتی جاران تاکو هەرەسهێنانی گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدا، ئەوەش وایکرد ناوچەکە ببێتە یەکێك لەو ناوچانەی جیهان، کە سەرچاوە و بەروبوومە سروشتییە زۆر و زەوەندەکانی دەرنەهێنرێت و بەکارنەهێنرێت، بەڵکو تا ئێستاش بەشی هەرە زۆری دەرنەهێنراوە، بۆیە دەبینین بۆ نموونە وڵاتێکی وەك کازاخستان ڕێژەی 3%ی یەدەگی نەوت و ڕێژەی 4%ی خەڵووزی بەردینی جیهانی تیایە، ئەوەش بەلای چینەوە زۆر گرنگە، چونکە بە گەورەترین بەکاربەری خەڵووز دادەنرێت

لەسەر ئاستی جیهان، لە لایەکی ترەوە کازاخستان خاوەنی گەورەترین یەدەگی مادەی زنکە لە جیهاندا، هەروەها لەڕووی زۆریی یەدەگی ئاسن و مەنگەنیز و قوڕقوشم ئالتوون لە ڕیزی دە دەوڵەتە یەکەمەکانە و ڕێژەی 15%ی یەدەکی یۆرانیۆمی جیهانیش هەر لە کازاخستانە، کەواتە ئایندەی وزەی ئەتۆم بۆ مەبەستی ئاشتی و سەربازی زۆر پشتی پێدەبەستێت، تێکڕای دانیشتووانی کازاخستان دەگاتە تەنها 16 ملیۆن کەس و هەر هاوواڵتییەکی پشکێکی بێشوماری، لە داهاتی ئەو سەرچاوە دەوڵەمەندە بەردەکەوێت، هەرچەندە ئەوە ڕوونادات، چونکە زۆرێك دەوڵەت چاویان تێبڕیوە.

لە کۆماری تورکمانستان ڕێژەی 4.5%ی یەدەکی گازی سروشتیی جیهان هەیە، لە کۆماری ئۆزبەکستانیش ڕێژەی 0.8% یەدەگی گازی سروشتیی جیهان هەیە، کە بەرامبەر بە ئەو یەدەگەی لە لیبیا هەیە، کە بەشی زۆری بە نرخێکی هەرزان هەنارده دەکرێت. ئاسیای ناوەڕاست تەنیا بە دەوڵەمەندییەکەی لەڕووی سامانی کانزایی و وزەوە نەناسراوە، بەڵکو خاوەنی پێگەیەکی جیۆپۆلیتیکیی زۆر گرنگیشە، چونکە بە تەواوەتی کەنارەکانی خۆرئاوای دەریای قەزوینی گرتووەتەوە تا دەگاتە بەشێکی گەورەی سنووورەکانی خۆرئاوای کۆماری چین، لە باکووری ئەفغانستانیشەوە درێژدەبێتەوە، تا دەگاتە قوواڵیی ناوچەکانی باشووری ڕووسیای فیدراڵی و باکووری خۆرهەڵاتی ئێران، ئەوەش ڕێڕەوێکی زۆر گرنگی بۆ تاران دروستکردووە، بووەتە پردێکی زۆر کاریگەر لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئاسیا، تا دەگاتە کیشوەری ئەورووپا، لە باشووریشەوە درێژ دەبێتەوە تا ئۆقیانووسی هندی و نیوەدورگەی

سەردانی شی جیپینگ بۆ کۆماری سربیا

هندی. لە چوارچێوەی تیۆری «تەوەری جوگرافیی مێژوو» یان ئەوەی بە تیۆری «دڵی جوگرافی»ی شارەزای جیۆستراتیجی بەناوبانگ (سێر هالفۆرد جۆن ماکیندەر) ناسراوە، ئەو گرنگییە بە شێوەیەکی ڕوونتر دەردەکەوێت. جۆن ماکیندەر لە ساڵی 1904 ئەم تیۆرەی لە ڕێگەی بابەتێکەوە پێشکەشی کۆمەڵگەی جوگرافیی شاهانە لە لەندەن کردووە، کە تیایدا بەفراوانی تێڕوانینی جوگرافیی خۆی سەبارەت بە جیهان خستووەتەڕوو، لە ئاماژەیەکیدا بۆ ئاسیای ناوەڕاست، کە بە نزیکی کەوتووەتە ناوەڕاستی گۆی زەوی.

کازاخستان خاوەنی گەورەترین یەدەگی مادەی زنکە لە جیهاندا، هەروەها لەڕووی زۆریی یەدەگی ئاسن و مەنگەنیز و قورقوشم ئاڵتوون لە ڕیزی دە دەوڵەتە یەکەمەکانە و ڕێژەی 15٪ی یەدەکی یۆرانیۆمی جیهانیش هەر لە کازاخستانە

پەکین و ڕێگەی ئاوریشم

لە سێپتەمبەری ساڵی 2013 لە کاتی سەردانە مێژوویەکەی بۆ کۆماری کازاخستان، چی جیپینگ سەرۆکی چین لە ناوەڕاستی (ئەستانە)ی پایتەخت، لە وتارێکیدا بۆ خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆی (نازاربایيڤ) باسی ئاشنابوونی جیهانی بە کولتوور و میراتی چینی کرد، سەبارەت بە کاریگەرێتیی ئاسیا و دروستکردنی ڕێگەی نوێی ئاوریشم، واتە ئەو پشتێنەی کە بە تەواوەتی گەمارۆی ئاسیا دەدات و بەوپەڕی خێراییەوە بە ئەورووپا و ئەفەریقیای دەبەستێتەوە. ئەوەی سەرۆکی چین بە دەرچوونی ئاسیا لە ملی شووشەکەوە پێناسەی کرد، بودجەیەکی زەبەلاح و بیوێنەی بۆ تەرخانکرا، کە گەیشتە (40) ملیار دۆلار، کە بڕێکی زۆرە بۆ دروستکردنی تۆڕێکی گەورەی گواستنەوە، کە چین و ئاسیای ناوەڕاست پێکەوە دەبەستێتەوە، تا دەگاتە ئەورووپا و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، تۆڕێکی گواستنەوە کە لە هێڵەکانی گواستنەوەی زەمینی و هێڵی ئاسنی دوورو درێژ پێکهاتووە، کە سەرتاسەری کیشوەری ئاسیا بەرەو دەرەوەی دەبڕێت، لەو (40) ملیار دۆلارە، حکومەتی پەکین بڕی (16.3) ملیار دۆلاری بۆ گەشەپێدانی ژێرخانی ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست تەرخانکرد، جیپینگ لە کاتی خۆیدا ئاشکرایکرد، کە ئەو بڕە زۆرە بۆ پەرەپێدانی دەوڵەتانی ناوچەکە دەنێردرێت، بە مەبەستی دامەزراندنی ژێرخانێکی پتەو کە یەکێکە لەو بنەمایانەی کە ئاسیای ناوەڕاست پێویستی پێیەتی، هەرچەندە یەکێتیی سۆڤێت لە ڕابردوودا ئەو ناوچە گرنگەی بە کێڵگە و کانێکی گەورە دادەنا، بەڵام بێئەوەی هەوڵی گەشەپێدانی بدات یان ئاستی ژێرخانی ئابووری بەرزبکاتەوە، کە بەگوێرەی پێوەرە جیهانییەکان لە ئاستێکی نزمدا بوو.

ئەو بڕە پارە تەرخانکراوە گەورەیەی چین، زۆر لەوە زیاترە کە ڕووسیا بۆ هەمان ئەو ناوچانەی تەرخانکردووە. دەکرێت لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ لێدوانێکی (جەمالەدین نور ئەلیێڤ) جێگری وەزیری دەرەوەی تاجیکستان، کاتێك بە ڕۆژنامەی فاینانشیاڵ تایمزی ڕاگەیاند، کە لە ساڵی 2017دا چین بە بڕی (6) ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە ئاسیای ناوەڕاستدا دەکات، ئەوەش بەشێکە لە پلانی درێژخایەنی پەکین، کە بە شێوەیەکی ئەندازەیی و گەشەکردنی هەڵکشاوی هێواش بەردەوام دەبێت، بۆئەوەی قەڵەمڕەوی خۆی لەو ناوچەیەدا دەربخات و هەژموونی هەرێمی تێدا بەهێزتر بکات، لەڕاستیدا ژمارەکە ئاماژەیە بۆ ڕوودانی جیاوازییەکی کردەیی بەرجەستە. لەپێناو بەراوردکارییەکی زیاتر کاریگەر

و تێگەیشتنی زیاتر لە قەبارەی ئەو جوولّەیەی چین لە بەرامبەر جوولّەی لاواز و سنووردار و هەژاری ڕووسیادا، لە هەمان کاتدا کە پەکین بەلّێنی بە تاجیکستان داوە، تاوەکو ئاستی وەبەرهێنانەکانی بۆ (6) ملیار دۆلار زیاتربکاتەوە، بەلّام مۆسکۆ بە بڕی (7) ملیار دۆلار بەلّێنی پێداوە، ئەوەش ژمارەیەکی بەرامبەرە بە 0.0008%ی قەبارەی پارە تەرخانکراوەکانی چین.

وەشاندنی گورزی زیاتر لە مۆسکۆ

لە ساڵی 2009دا حکومەتی پەکین دروستکردنی یەکەم هێڵی گازی سروشتی، بەبێ دەستێوەردانی ڕووسیا تەواوکرد، کە تورکمانستان و کازاخستان و ئۆزبەکستان پێکەوە دەبەستێتەوە، تا دەگاتە چین، ئەوەش لە چوارچێوەی هەوڵدانە ئایندەییەکانی چین بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەکانی گازی سروشتیی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست دێن، لە بەرامبەر کەمکردنەوەی ئاستی هاوردەکردنی گازی شل لە ڕێگەی ڕێڕەوە دەریاییەکانەوە، کە بە درێژایی ساڵ دووچاری چەتەگەری دەبێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە کاتی زیاتری دەوێت و تێچوونیشی زیاترە، لە لایەکی تریشەوە ئاڵووێری بازرگانی لەنێوان چین و ئاسیای ناوەڕاست، بە ڕێژەیەکی بەرز و بێوێنە

شی جیپینگ و فلادیمێر پوتین

ئاهەنگی سەربەخۆیی کازاخستان

زیادیکردووە بۆ نزیکەی 40% ساڵانە، تا گەیشتە بڕی (20) ملیار دۆلار.

لە ساڵی 2015، پەکین بووە گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی کۆماری ئۆزبەکستان، کە بازرگانیی ساڵانەی نێوانیان بە (3) ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت، بەڵکو چین بووەتە گەورەترین وەبەرهێن لە کازاخستان، ئەویش لە ڕێگەی واژۆکردنی (33) ڕێککەوتننامەی ئابووری لە بواره جۆراوجۆرەکاندا، ئەوەش بڕی 23.6 ملیار دۆلار بۆ ئابووریی کازاخستان دەستەبەردەکات. چین ساڵانە بڕی (30) ملیۆن مەتر سێجا گازی سروشتی لە کۆماری تورکمانستان هاوردەدەکات، جگە لەوەش بە شێوەیەکی چڕ و بەردەوام وەبەرهێنان لە کەرتی وزەی تورکمانستان دەکات، سەرەڕای پێدانی یارمەتی و هاوکاریی سەربازی ساڵانە، پێدەچێت گرفتی مۆسکۆ ڕوون و گەورە بێت، کە لە نەتوانینی بۆ جێبەجێکردنی پابەندییە داراییەکانی خۆی دەبینێتەوە، ئەوەش لە سایەی دابەزینی بەردەوامی ئاستی گەشەی ئابووری ، لەژێر کاریگەریی ئابلۆقە و گەمارۆدانی ئابووریی نێودەوڵەتیدا، هەندێك جار بەشاراوەیی و لە سایەی سیاسەتێکدا، کە حکومەتەکانی ئاسیای ناوەڕاست بە سیاسەتێکی چاوچنۆکانە دەیدەنە قەڵەم، سیاسەتێك کە تەنیا پشتەبەستێت بە هاوردەکردنی نەوت و گازی سروشتی، بە نرخێکی کەمتر لە نرخی بازاڕەکانی جیهان، پاشان جارێکی تر بە نرخێکی بەرزتر هەناردەی دەکاتەوە بەرەو ئەورووپا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و هەندێك لە دەوڵەتانی ئاسیا، لەگەڵ بەدەستهێنانی بڕێك قازانجی بەرز. دەکرێت لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست هەست بە لاوازیی ڕووسیا بکەین، چونکە ئەو دەوڵەتانە خۆیان ناوەتە ناو ئامێزی چین، کە بەردەوام پێشنیاری هاوبەشی بازرگانیان دەخاتە بەردەست، بە مەرجی چاکتر و دارایی و وەبەرهێنانی بەرزتر، لەبەرئەوە سەیر نییە ئەگەر کۆماری قەرغیزستان هاوبەشی ئابووری لەگەڵ ڕووسیادا هەڵبوەشێنێتەوە، لە ئاکامی جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەکی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و ڕووکردنە ئەڵتەرناتیڤی چین، کە زیاتر پڕ دەستکەوتی دارایی و سەقامگیرتره، ئەمە لە

کاتێکدا مۆسکۆ دەزانێت، کە چارەسەرکردنی کێشەی سنووردارکردنی پێگە و دەسەڵاتی لەو وڵاتانەدا، تەنیا لە ڕێگەی تەوقەکردن و بەستنی لووتکەی دیپلۆماسییەوە چارەسەرناکرێت.

هەڵکشانی «چین»ی زەبەللاح

دیارە کە ڕەوشەکە بە هێواشی و متمانە بەخۆبوونەوە بەرەو دروستبوونی هەژموونی ئابووریی چین هەنگاو دەنێت، بەرەو ناوچەیەك کە چینییەکان لە ساڵی 2000دا بە وەبەرهێنانی تەنیا یەك ملیار دۆلار بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەستیان پێکرد، یەك ملیار دۆلار کە بەردەوام زیاتری دەکرد، تا لە ساڵی 2010 گەیشتە (20) ملیار دۆلار، پاشان لە ساڵی 2015دا گەیشتە ئاستی (50) ملیار دۆلار، لە قەبارەی ئاڵووێری بازرگانی و وەبەرهێنان لەنێوان پەکین و ئەو پێنج دەوڵەتەی ئاسیای ناوەڕاستدا، ئەوەش وێنەیەکی بەرچاوە بۆ نیشاندانی دەسەڵات و هێزی چین لە ئاسیای ناوەڕاست، هێزێك کە هێزی ڕووسیا لە بەرامبەریدا دەپووکێتەوە و چۆك دادەدات. بەدڵنیاییەوە مۆسکۆ بەرامبەر ئەم دەستێوەردانانەی چین پێخۆشحاڵ نییە، بەڵکو هەر ساڵی 2011وە هۆشداریداوە، لە بەرامبەر هەڵکشانی بەهێزی چین. لەبەرئەوە پۆتین هەوڵیدا بۆ پێکهێنانی یەکێتیی ئۆراسیا (EEU)، کە لە بیلاڕووسیا، ڕووسیا و کازاخستان پێکهاتووە، بەڵام واشنتۆن دژی وەستایەوە، چونکە پێیوایە هەوڵێکی ڕووسیایە بۆ سەپاندنی هەژموونی بەسەر ناوەڕاستی ئاسیا و دەوڵەتانی سەردەمی سۆڤێتی جاران. هەرچەندە یەکێتیی ئۆراسیا (EEU) نەیتوانی کاروانەکەی بەخێرایی درێژە پێبدات، بەڵکوو کەوتە ژێر کاریگەریی لاوازیی گەشەکردنی ئابووریی ڕووسیا و ئەو قەیرانەی تووشی بووە، ئەوەش لە ئەنجامدا بووەهۆی لکاندنی بە پرۆژەی پشتێنەی ڕێگەی ئاسنینی ئابووری، کە بە (SREB) ناسراوە.

مۆسکۆ تەنیا بەو هەوڵە نەوەستا، بەڵکو ئاستی ڕاهێنان و مەشقە سەربازییە هاوبەشەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست زیاتر کرد، بە پاساوی بەرەنگاربوونەوەی سیناریۆیەکی پێشبینیکراو، لە دژی ڕێکخراوی داعش بۆ سەر ئاسیای ناوەڕاست، ئەمە لە کاتێکدا کە هەموو ئەو لێکنزیکبوونەوە سەربازییەی ڕووسیا، تەنیا مەسجێکی ژێربەژێر بوو بۆ پەکین تاکو پێی بڵێت، کە هێزی سەربازیی ڕووسیایە حوکمی ئاسیای ناوەڕاست دەکات، ڕێگەش نادات ئەو ناوچەیە بەو ئاسانییە لەژێر چەپۆك و دەسەڵاتی بچێتە دەرەوە. بەهەرحاڵ پێناچێت کاری چین هەروا ئاسان بێت، لە کاتێکدا ناکرێت ڕۆڵی ئەمەریکا و ئەورووپا لەو ناوچەیەدا پشتگوێ بخرێت، کە قەبارەی وەبەرهێنانی کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمەریکا لە ئاسیای ناوەڕاست دەگاتە نزیکەی (30) ملیار دۆلار، ئەمە جگە لە وەبەرهێنانەکانی هەریەك لە ئەڵمانیا، فەڕەنسا و بەریتانیا و بوونی هێڵێکی گازی هندی، کە نیشانەی گرنگیپێدانی هندستانە بە دەروازەی باکوور، لەنێو کۆبوونەوەی ئەو هەموو بەرژەوەندییانەدا، پەکین باش دەزانێت کە ئەرکەکەی هەروا ئاسان نییە، لە ناوچەیەکدا کە بە یەکێك لە کلیل و گەنجینەکانی ئایندەی جیهان دادەنرێت.

سەرچاوەکان:

ماڵپەڕی (ساسە پۆست)، تۆڕی (RT) عەرەبی

http://www.sasapost.com/the_prospective_russian_chinese_war/

https://arabic.rt.com/business/